www.kurdistannet.org
22:34 17-7-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕۆژنامەنووس مستەفا گەرمیانی هاوسەری نووسەر و شاعیر مەهاباد قەرەداغی لە باوەشی کەرکووکدا شەهید بوو ... ڕووناک شوانی

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، ئەمڕۆ 7/16 لە ڕووداوی تەقینەوەکەی کەرکووکدا و لەبەردەم سەنتەری ڕووناکبیری کەرکووک هاوڕێی ئازیز ڕۆژنامەنووس کاک مستەفا گەرمیانی لە میانەی قوربانییەکاندا بوو، کاک مستەفا هاوسەری نووسەر و شاعیر مەهاباد قەرەداغییە و لە دایک بووی ساڵی 1961 ی شاری کەرکووکە، دووساڵ پێش ئێستا بە ئامانجی خزمەت بە کوردستان گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان و وەک ڕۆژنامەنووسێک لە ڕۆژنامەی کەرکووکی ئەمڕۆدا کاری کردووە. خاوەنی دوو کتێبە کە لە وڵاتی سوید چاپ کراوە و چەندین بابەتی لە ڕۆژنامەکانی کوردستان و سایتە کوردییەکان بڵاوکردووەتەوە، ئاواتی گەورەی کاک مستەفا گەڕانەوە بوو بۆ کەرکووکی دایک، پاش بیست و دوو ساڵ لە ژیانی تاراوگە پاش گەڕانەوەی بۆ دواجار لە باوەشی دڵە گەورەکەی کوردستان سەری نایەوە. کاک مستەفا شاکاری خنجیلانەی تەمەن هەشت ساڵەی بە جێهێشت. کۆچی کاک مستەفا خەمێکی گەورەی خستە دڵی دۆست و هاوڕێ و کەس وکارەکەیەوە و کورد ڕۆشنبیریکی گەورەی لە دەستدا. پرسە و سەرەخۆشی لە هەموو کەس و کار و هاوڕێیانی کاک مستەفا گەرمیانی و ڕووحی ئاسوودە بێ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.